سنووردارکردنی چەک بەدەستی دەوڵەت... شابەندەر کەموکوڕی ڕاستەقینەی عێراق و لوبنان دەستنیشان دەکات

عیزەت شابەندەر، سیاسەتمەداری دیاری عێراقی ئەمڕۆ یەکشەممە ڕایگەیاند "بانگوازەکان بۆ سنووردارکردنی چەک بەدەستی دەوڵەت لە عێراق و لوبنان بەس نییە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ئێستا"، ئاماژەی بۆکرد، "کێشەی ڕاستەقینە لە نەبوونی گەرەنتی ئەمریکادایە بۆ ڕاگرتنی هەر دەستدرێژییەکی دەرەکی".

شابەندەر لەتویتەکدا لەسەر پلاتفۆرمی ئەکس کەموتووع بەدواداچوونی بۆ کردووە جەختی لێوە کردووە کە: "هاوکێشەکە لە هەردوو وڵاتدا لەسەر سێ جەمسەرە، دەوڵەت، گروپە چەکدارەکان و ئیسرائیل و بریکارەکەی، ئەمریکا." ئاماژەی بۆکرد، "هیچ کێشەیەک لە نێوان دەوڵەت و گروپە چەکدارەکاندا نییە، چونکە بۆ ئاسانی لەسەر ئەوە ڕێکدەکەون کە چی خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی وڵات دەکات".

ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە بنچینەی قەیرانەکە لە بەتوانایی دەوڵەت و ئەمریکادایە لە دابینکردنی هیچ گەرەنتییەک بە ڕێگریکردن لە دەستدرێژی، جەختی لێوە کردەوە کە ئەزموونی لوبنان و سوریا نموونەیەکی ڕوونی ئەم شکستەیە